# بؤ أةوةز (نا) كوردستاني ... عةلي . ب

ئەگەر بەفری کێوەکانو، ڕەقی شاخەکانو، سەرماو سۆڵی چیاکانو، تەوژمی ڕوبارەکان بەزەیان بە بارزانی نەدەهات... خۆ تۆ مرۆڤیت و ئەتوانیت تۆزێك لەدڵڕەقیو دڵ ڕەشیت کەم بکەیتەوە.

بڕوام وایە هەر کوردێکی دڵسۆز لەهەرشوێنێکەوە یان لەهەرشوێنێکی بەر پرسی خۆی ئەبێت پێی شەرەف بێت کەبتوانێت ڕێز لەقەهرەمانێکی (وەك بارزانی) کورد بگرێت... ئەمەش چی بەوتەیەك بێت یان بەوشەیەك بێت یان بەوێنەیەك، کەڕەنگدانەوەی هەستی کوردایەتیت نیشان بدات یان دڵسۆزیت بۆ خەباتی کورد پەروەرێك ڕەنگ بداتەوە

بەڵام لەتۆ ناگەم!! ئەگەر کوردیت؟؟؟ بۆچی نیگەرانی بە هەڵواسینی وێنەی ڕابەرێك کەخاوەن داستانێکی پڕ جۆشو نەبەزە بۆ هەمو گەلی کوردستان.

وەباوەر ناکەم کە هیچ کوردێك هەبێت بەرەنگاری هەڵواسینی وێنەی بارزانی بێت کە نیشانەی پاکی و خۆ بەخت کردن و ژیان تەرخان کردنە بۆ نیشتیمانەکەی.

بۆیە ئەڵێم هەرکەسێك زمانی کوردی بزانێت مانای ئەوە نیە کورد بێت، وە هەرکەسێکیش ناکۆکی بنێتەوەو بەدوای بەربەرەکانێ دابگەرێت واتای وایە پاك نیەو دڵسۆز نیە بەرامبەر میللەتەکەی.

بۆیە وەك کوردێك زۆر بەگەورەیی ئەزانم کە جەنابی باڵیۆز (سیامەند بەنا) ئەویش یەکێکە لە ڕۆڵە بەشەرەفو خاوەن خەباتێکی پڕ لەتێکۆشین بۆ گەلی کورد لەشوێنو پایەی خۆی وێنەی ئەم قارەمانە لەباڵیۆزخانەیەکی عێراقی هەڵبواسێت وەهەستی پاکی خۆی دەرببڕێت بۆخەباتی ئەم نەمرە.

زۆرکەس لەهاووڵاتی برا عەرەبو تورکمان و کلدوئاشوری و نەتەوەکانی تر چاویان بەهەمان وێنەکەوت، بەڵام هیچ کۆمەنتارێکیان نەبو جگە لە ڕێزو شایستە بۆ ئەم کورد پەروەرە،

تۆش بتەوێت یان نا.... بارزانی سەرۆکێکی کوردە..... ناحەزیش با لەداخا یەخەی خۆی دابدڕێت.